# بەربەریەتی كوشتنی دوعا!
# بەربەریەتی دین و عەشیرەت و قەوم پەرستی پێشان دەدات!!

لە رۆژی 7\4\2007دا سەدان پیاوی كەللەپوك و درندەی (یەزیدی) لە ناحیەی بەعشیقە بەبەرچاوی دەسەڵاتدارانی پارتییەوە بە شێوەیەكی زۆر بێ شەرمانە و زۆر دڕندانە ،كە هەر ئینسانێكی شەرافەتمەند ئەقڵی لەبەرامبەر دیمەنی كوشتنی ئەو لاوە 17 ساڵییەدا دەوەستێ، نوقمی خوێن كرا و تا هەناسەی تێدا بوو بە بلۆك و بەرد و شەلاق پێیاندا كێشا، ئەمە سەراڕای ئەتك كردن و ئیهانەو تەحقیر كردنی.

تەنها خەتایەك كە ئەم كچە لاوە كردبووی، هەڵبژاردنی هاوسەر و هاودڵی خۆی لە نەتەوەیەكی تر سەر بەدیانەتێكی تر و گۆینەدان بوو بەداب نەریت و عەشیرەت و دینی باو باپیرانی و قسە پڕ پوچ و درۆ و دەلەسەكان و داواكاریەكانی میری یەزیدان.

لەبەرامبەر ئەمەدا گروپە ڤین لەدڵە ئیسلامی و ناسێونالستە عەرەبەكانی موصل كە بۆ هەل دەگەڕێن تا ئاگری شەری قەومی و ئیسلامی جوش بدەن، بەربوونە گیانی كریكارانی رستن و چنینی و 24 كرێكاریان بەوێنە تۆڵە سەندنەوە، لەو كرێكارانە كوشت كە بە دیانەت یەزیدین.

میر تەحسینی یەزیدی كە پێش دوو مانگ داوای دەكرد یاسا دابنرێت رێگە نەدات كچی یەزیدی لە پیاوانی سەر بە ئیسلام و دینەكانی تر مارە ببڕێن و رێگەی زەواجیان لێ بگیری لەلاوانی غەیرە یەزیدی، ئەمرۆ ئیتر كە ئەم داوایەی بە ڕسمی ناناسرێ زۆر حەقیرانە دوعا بە مەسائلی ئەخلاقی تاوانبار دەكا و بادەی شەرابی سەركەوتنی میری ترسنوك دەنۆشێ و خۆی بەپارێزەری عەشیرەت دەناسێنێ.

ئەوەی شایانی باسە لەم چەند ساڵەی دواییدا كوشتنی ژنان و سوتاندن و خۆسوتاندن بووەتە یەك دیاردەی بەرچاو و ناسێوینالژمی كورد بەبرەو دانی پیاوسالاری و عەشیرەت گەری و بیروباوەڕی ناسێونالستی و رێگرتن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەكسانی خوازانەی ژنان و پیاوان، دەستی ئیسلام و عەشیرەت گەری و پیاوسالاری ئاوالا كردوە، دۆزی ژنان چەندان هەنگاو بردووەتە دواوە بەتایبەت دوای چوونەپشت و جێگیر كردنی دەستووری كونەپەرستی ئیسلامی بەسەر عێراق دا.

هەروەها كرێكاران و ژنان و لاوان كەوتوونەتە نێوان بەرداشی شەڕ و كیشمەكێشی نێوان ناسێونالزمی كوردو ناسێنایزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسیەوە، هەرچی دەسكەوتی ئینسانی خەڵك هەیە بووە بەژیر ئەم كێشمە كێشە ناڕەواو كونەپەرست و دڕندانەیەوە. دوعا یەكێكە لە قوربانیانی شەڕ و كێشمە كێشی نێوان هێزەكانی سیناریوی ڕەش لە عێراقدا و كوردستاندا.

ئێمە سەرای ئەوەی تاوانی جوانە مەرگ كردنی دوعا بە توندی مەحكوم دەكەین و داوا دەكەین تاوانباران و بكوژانی ئەم تاوانە گەورەیە دەبێ دادگایی بكرێن، هەروەها پارتی دیموكراتی كوردستان بەبەرپرس و شەریكی جەریمە دەزانین، میری یەزیدیكان بەهاندەر دەزانین بۆ روودانی ئەم جەریمەیە، مەحكومیان دەكەین.

حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری چەپی عێراق بۆ رێگرتن لەجەریمەی بەم شێوەیە و سەدان جەریمەی تر كە رۆژانە لەسەراسەری عێراق دا ڕوو دەدەن، بانگەوازی سەرجەمی خەڵكی كوردستان و عێراق دەكات بەڕووی هێزەكانی سیناریۆی ڕەشدا، بەرەی ئازیدخواز و سكۆلار و سۆشیالست دروست بكەن بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی ئازاد و سۆشیالست. ناسێنالژمی كورد و سەرەك عەشیرەتی یەزیدی و ناسیونالژمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی، بەرەی دژی خەڵكن و تاوانبارن لە جوانەمەرگ كردنی دوعا و خەڵكی كوردستان و عێراقدا .

هەروەها ڕایدەگەیەنیین بۆ بەرگرتن بەم جەریمانە هەر ئیستا، دەبی دین لە دەوڵەت جیابكریتەوە و كۆمەڵگە لە دین و دسەڵاتی پیاوە دینیەكان بپارێزرێ، و یەكسانی هەمەلایەنەی ژن پیاو لە هەموو بواریكدا لە كۆمەڵگەدا بەڕەسمی بناسرێ و پیادەبكرێ.

**رسوایی بۆ بکوژانی دوعا**

**بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

2007\4\30